# کورتمەودای ڕێککەوتنی شەنگال؛ بڕیاری سەر کاخەز و گۆڕانی سەرعەرز

26-11-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : ئەوە نزیکەی 2مانگە ڕێککەوتنی شەنگال واژۆکراوە و بە تازەیی، هەندێ هەنگاوی کردەنی بۆ جێبەجێکردنی نراون. بێگومان لادانی بەربەستەکانی ئەو ڕێککەوتنە ئاسان نییە و، سەرەداوی زۆریش هەن کە دەریدەخەن حکومەت بەدوای چارەسەرێکی ناونجیدا دەگەڕێت تا بنبەستی شەنگال بکاتەوە.

**زریان ڕۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

ئەوە نزیکەی 2مانگە ڕێککەوتنی شەنگال واژۆکراوە و بە تازەیی، هەندێ هەنگاوی کردەنی بۆ جێبەجێکردنی نراون. بێگومان لادانی بەربەستەکانی ئەو ڕێککەوتنە ئاسان نییە و، سەرەداوی زۆریش هەن کە دەریدەخەن حکومەت بەدوای چارەسەرێکی ناونجیدا دەگەڕێت تا بنبەستی شەنگال بکاتەوە.

شەنگال مەیدانی کێشمەکێشێکی فرەلایەنی ناوخۆیی و دەرەکییە. بەرژەوەندی چەندین هێزی جیاوازی لێرەدا بەریەك دەکەون و جموجۆڵی هەریەکێکیشیان، کاریگەری لەسەر ئاسایش و مانەوەی ئەویتر دادەنێ و ئەمەش گرێکوێرەی شەنگالی دروستکردووە. هەرچەندە لایەنە ڕەسمییەکانی ڕێککەوتنی شەنگال، هەولێر و بەغدان، بەڵام بەکردەوە ئەو بازنەیە فراوانترە و وادیارە ڕێککەوتنەکەش، بەبێ سازان کێشەی تێدەکەوێت.

**جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شەنگال لە چ ئاستێکدایە؟**

نەجم جبووری پارێزگاری نەینەوا باسی لە ئاسانکارییەکانی حکومەت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی شەنگال کردووە. بێجگە لەوە، بەرپرسانی هە ولێر و بەغداش چەندجارێکە جەخت لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شەنگال دەکەن و تەنانەت ڕایانگەیاندووە کە لەسەر ناوی قایمقامی نوێی ئەوێش ڕێککەوتوون. **هەرچەندە بابەتی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی شەنگال بەهۆی واقعی دوو ئیدارەیی، خواستە جۆراوجۆرەکانی هەر4 لایەنی ئیداریی پرسی شەنگال- پارێزگاری نەینەوا و حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان و مەجلیسی خۆسەریی دیموکراتیی شەنگال- پرسێکی ئاڵۆزە**، بەڵام گرێکوێرەی سەرەکیی ئەو ریککەوتنە، نەك گەڕانەوەی ئاوارەکان و قایمقام، بەڵکوو پرسی مان و نەمانی هێزە چەکدارەکان لەو قەزایە و دۆسیەی ئەمنییە.

قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە ماوەی ڕابردوودا، لانیکەم دووجار بە ئاشکرا سەردانی هەولێر و شەنگالی کردووە و ئەمەش لەوانەیە نیشانەیەك بێت بۆ قورسبوونی ڕازیکردنی لایەنەکان و هەوڵدانی حکومەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ناونجی. بەدەر لەوە، ناردنی دوو لیوای پۆلیسی فیدراڵی بۆ شەنگال لە 21ی ئەم مانگە، ئەویش دوای نزیکەی 2 مانگ لە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، هەروەها سەردانی فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر شمەری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و فەریق ڕوکن جەعفەر بەتات فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی بۆ شەنگال[1] ئەوەی دەرخست کە حکومەت بەکارهێنانی هێزیشی لە پێشچاو گرتووە و سوورە لەسەر سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەوێ.

لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕۆیشتنی پۆلیسی فیدراڵییەوە، بێجگە لە یەپەشە، هەموو هێزەکانی دیکە ڕازیبوون کە لانیکەم لە ناوەندی قەزای شەنگال دەرکەون. هەڵبەت حسێ ئیبراهیم یەکێك لە بەرپرسانی خۆسەریی شەنگال، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەحسین قاسم پەیامنێری ڕووداو ئاماژەی بەوە کردووە کە لەوانەیە ئەوان بە کشانەوەی یەپەشە لەناوەندی قەزای شەنگال ڕازی بن، بەڵام بە کشانەوەی هێزی ئاسایشی ئێزدخان ڕازی نابن. جگە لەوە شوێنەکانی خۆیشیان لەسەر چیای شەنگال بەرنادەن.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان، "حەشدی شەعبی ئێزدی بە فەرماندەیی خال عەلی کە گرێدراوی لیوای ئیمام حسێنە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی حەشد ڕازیبوون کە لانیکەم 5 کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزای شەنگال دوورکەون و بەشێکیان لە دۆمیز لە باشووری ئەو ناوچەیە جێگیرببن." لەوانەیە ئەمەش ڕێگەچارەیەکی ناونجیی حکومەت بێت، بۆ ئەوەی خاڵێکی هاوبەش لەبەینی خۆی و گرووپەکانی حەشدی شەعبیدا بدۆزێتەوە. چوونکە، یەکەم بەندی میحوەری ئەمنیی ڕێککەوتنی شەنگال باسی دوورخستنەوەی هەموو ڕێکخراوە چەکدارییەکان لە سنووری قەزای شەنگال دەکات[2]، بەڵام تا ئێستا ئاماژەکان وادیارن کە ئەو دوورخستنەوەیە، لانیکەم لەماوەی کورتخایەندا، زیاتر لە ناوەندی قەزای شەنگال بێت نەك هەموو سنوورە ئیدارییەکەی!

**یەکێکی دیکە لە پرسەکانی تایبەت بە ڕێککەوتنی شەنگال کە لەوانەیە مشتومڕی لەسەر بێت، پێکهاتەی ئەوهێزی پۆلیسە محەلییە 2500 کەسییەیە کە بڕیاردراوە دروستبکرێت. بەپێی بارودۆخی عێراق و دابەشبوونی ئێزدییەکان، کە بەسەر سێ بەرەی حەشدی شەعبی، هەرێمی کوردستان(پارتی ـ یەکیتی) و پ.ك.ك دابەشبوون، لەوانەیە هەرلایەك و بیەوێت زیاترین پشکی دامەزراندنی**

**هەوادارانی خۆی لەو هێزەدا بەربکەوێت. ڕێککەوتنەکە جێگرتنی ئەندامان و لایەنگرانی پ.ك.ك و ڕێکخراوەکانی نزیك لەوی لەو هێزی پۆلیسەدا قەدەخە کردووە و ئەمەش، خاڵێکی دیکەیە کە ریکخراوە سیاسی و سەربازییەکانی نزیك لە پ.ك.ك لێی ناڕازین. ئەوان دەیانەوێت لەدیاریکردنی قایمقامی نوێی شەنگالیشدا بەشداربن کە بەپێی ڕێککەوتنەکە، لەلایەن بەغدا و هەولێر و پارێزگاری نەینەواوە دەستنیشاندەکرێت.**

لە رواڵەتدا وادیارە کە ئێستا تاقە بەربەستی ڕێککەوتنی شەنگال، رازینەبوونی هێزەکانی نزیك لە پ.ك.ك بێت و بە ئەگەری زۆر، حکومەت هەوڵدەدات رێگایەکی ناونجی بۆ ئەوەش بدۆزیتەوە. پێناچێت حکومەتی بەغدا لەم وەختەدا بیەوێ تەنیا بەهێز ئەو پرسە یەکلابکاتەوە و شەڕێك رووبدات، ئەویش لە کاتیکدا کە لانیکەم بەشێك لە خەڵکی شەنگال پشتیوانی لەو هێزانە دەکەن. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان، لە ساڵی 2018وە بەشێك لەو هێزانەی کە بە نزیك لە پ.ك.ك هەژمار دەکرێن، بە ناوی **فەوجی نەسرلموبین** لەسەر حەشدی شەعبی تۆمارکراون.[3] مەروان بەدل جێگری فەرماندەی ئەو فەوجەش رایگەیاندووە کە نامەیەکیان ناردووە بۆ حکومەت و لایەنە سیاسییەکان و مەرجەعییەت، هەتا پێداچوونەوە بە رێککەوتنی شەنگال بکرێت.[4] لەدوای رێککەوتنەکەش، موختار موسەوی پەرلەمانتاری فەتح کە بۆ خۆی تورکمانی شیعییە لەگەڵ لیوا حسێن فەرماندەی حەشدی شەعبی لە نەینەوا سەردانی ئیدارەی خۆسەریی شەنگالیان کردووە.[5] هەرلەو چوارچێوەیەشدا دەستەیەك لەو ئێزدییانەی لە ریککەوتنەکە ناڕازین، لەگەڵ عەبدولعەزیز محەمەداوی سەرۆکی ئەرکانی دەستەی حەشدی شەعبی (ابو فدك) دانووستاندنیان کردووە.[6] لەوانەیە هەبوونی پەیوەندیی ئەو گرووپانە لەگەڵ سیاسییەکانی شیعە و حەشدی شەعبی وا بکات کە دواجار دەرچەیەك بدۆزریتەوە و، بەشێك لە داواکارییەکانی ئەو هێزانەش جێبەجێ بکرێن.

**ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی رێککەوتنی شەنگال**

حاڵی حازر 7 جۆر هێزی ڕەسمی و ناڕەسمی بە هەزاران چەکدارەوە لە سنووری قەزای شەنگالدا ترنجاون و ئەمەش، هەموو کات ئەگەری بەریەککەوتن بە کراوەیی دەهێڵێتەوە ئەگەر حکومەت بەسەر دۆخی ئەمنیدا زاڵ نەبێت. ئا لەو روانگەیەشەوە، بۆ زامنکردنی  ئاسایشی رێککەوتنی شەنگال، ئەوە گرنگە کە چ لایەنێك بەسەر سنوورەکانی شەنگال لەگەڵ رۆژئاوا- سووریا، بەرزاییەکانی چیای شەنگال و ناوەندی قەزاکەدا زاڵ دەبێت. دوورخستنەوەی چەکدارەکان لە ناوەندی قەزاکە بایەخی بۆ ئاساییکردنەوەی پرسە ئیدارییەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان و بونیاتنانەوەی شەنگال و کۆتاییهێنان بە دووئیدارەیی هەیە.

حکومەتی عێراق دەیەوێت، نزیکەی 80 کم لە لێوارە سنوورییەکانی باکووری شەنگال لە ڕەبیعەوە هەتا بەعاج کۆنترۆڵ بکات و دوو دەروازەی سنووریی ناڕەسمیی نێوان شەنگال و رۆژئاوای کوردستانیش بگرێت، کە ئەوانیش گەلیێ شلۆ لە سنووری بارا- نزیکەی 40 کم لە باکووری رۆژئاوای شەنگال- و دەروازەی ترپکا لە باکووری سنوونێن. ئەمەش ناڕەزایی هێزەکانی یەپەشە و ئاسایشی ئێزدخانی لێکەوتۆتەوە کە بە نزیك لە پ.ك.ك هەژمار دەکرێن. چوونکە ئەوە دەتوانێت گرفت بۆ رێگاکانی هاتوچۆی رۆژئاوا درووستبکات. چێلمێرا و بەرزاییەکانی دیکەی چیای شەنگالیش وەکوو شوێنێکی دیکەی ستراتیژییە کە حکومەت بە تەمایە کۆنترۆڵی بگرێتە دەست، بەڵام تا ئێستاش یەپەشە پێی رازی نەبووە. **لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی دۆخی رۆژئاواوە، شەنگال بایەخێکی ستراتیژی بۆ پ.ك.ك پەیدا کردووە بۆیە دژی هەرجۆرە رێککەوتنێکی بەغدا و هەرێمە کە زیان بە پێگەی ئەو بگەیەنێت. چیای شنگال بە بەرزاییەکی زیاتر لە 1400مەتر، دیمەنی تۆپۆگرافیی ئەو ناوچەیەی لە دەوروبەرەکەی جیاکردووەتەوە و بەسەریدا زاڵە. ئەوەش لەڕووی ئەمنییەوە بایەخێکی زۆری پێداوە.**

بەپێی رێککەوتنی شەنگال دۆسییەی ئەمنی رادەستی حکومەتی بەغدا دەکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستانیش لەوەدا رۆڵی هەیە. هەڵبەت بایەخە ئەمنییەکەی ئەم رێککەوتنە بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا ئەو رۆڵە نییە کە لە پێکهێنانی پۆلیسی محەلی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتی بەغدا دەیبێت، بەڵکوو لەوەشدایە کە بە ئەگەری زۆر سەرگرتنی ئەو رێککەوتنە دەتوانێت رێ لە لەشکرکێشییەکی گریمانەیی تورکیا بۆسەر شەنگال بگرێت کە دەتوانێت ئاسایشی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسی. لە دوای رووداوەکانی گشتپرسی سەربەخۆیی تورکیا پێداگرییەکی زۆری کرد بۆ کردنەوەی دەروازەی سنووری ئۆڤاکۆیی بۆ دەوردانەوەی هەرێمی کوردستان و کردنەوەی هێڵێکی دیکەی بازرگانی لەگەڵ عێراق. ئەمە تا ئێستا سەرینەگرتووە بەڵام، ئەگەر بێتو تورکیا بە پاساوی هەبوونی پ.ك.ك بەرەو شەنگال بێت وەك ئەوەی لە 2019-2020 لە ناوچەی برادۆست و بادینان کردوویەتی، ئەو وەختە بە ئاسانی دەتوانێت ئەو دەروازەیە بکاتەوە. تورکیا چەندینجار شەنگالی وەك قەندیلی دووەم ناوبردووە و ئەزموونەکانی رابردووش سەلماندوویانە کە عێراق ئەوەندە بەهێزنییە بتوانێ بەری لێ بگرێت. لەوانەیە لەقسەدا تورکیا پاڵپشتی لە رێککەوتنی شەنگال بکات بەڵام لە راستیدا، نەمانی بیانووی هەبوونی پ.ك.ك لە شەنگال دەتوانێت بە قازانجی خواستە فراوانخوازییە ناوچەییەکانی نەبێت کە لە 2016وە لە سووریا و دواتر لە هەرێمی کوردستان و لیبیا و ئازەربایجان دەستیپێکردووە.

نەك هەر حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکوو لەوانەیە ئەم بابەتە لەڕووی ئەمنییەوە بۆ ئەمریکاش پڕبایەخ بێت. لە هەرێمی کوردستانەوە هەتا ئەنبار لێوارێکی سنووری هەیە و مانەوەی دۆخی شەنگال وەکوو خۆی، واتای هەبوونی هەڕەشەیەکی ئەمنی لە هێڵی سنووریی باکووری عێراق بۆ هێزەکانی ئەمریکا دەدات. حاڵی حازر هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان پارێزراون. بەهۆی هەبوونی دوو بنکەی سەربازیش لە پارێزگای ئەنبار و هەبوونی وڵاتانی هاوپەیمان(عەرەبی سوننە) لەودیوی ئەنبارەوە، هێزەکانی ئەمریکا توانیویانە پێکەوەژیانێکی ئەمنییان لەگەڵ گرووپەکانی حەشددا هەبێت کە بە زۆری گرووپەکانی نزیك لە حزبوڵڵان. بەڵام لە بەینی هەرێمی کوردستان و ئەنباردا، لە باکووری نەینەوا، شەنگال هەیە کە دۆخە ئەمنییە ئاڵۆز و فرەسەرەکەی دەتوانێت هێڵی پارێزراوی هەرێم- باکووری  نەینەوا- ئەنبار بۆ ئەمریکا ئاڵۆز بکات. رێککەوتنی شەنگال دەتوانێت دۆسیەی ئاڵۆزی ئەمنی ئەو ناوچەیە روونتر بکات و حکومەتی عێراق بەرپرسیار بکات بەرامبەر ئەوەی کە لەوێ دەگوزەرێت. ئەمەش دەتوانێت ئاسوودەییەکی ئەمنی زیاتر بە ئەمریکا بدات کە بۆ سیاسەتەکانی لە عێراق و سووریا پڕبایەخە.

پێدەچێت ئێران و گرووپەکانی حەشدیش کەمتر لە جاران لەو رێککەوتنە ناڕازی بن. لەوانەیە رێککەوتنی شەنگال رۆڵی ئێران و هەندێك لەگرووپەکانی حەشد لەو ناوچەیە سنووردار بکات بەڵام کۆتایی پێناهێنێت. بەرلە هەموو شتێك، دۆسییەی ئەمنی شەنگال دەکەوێتە دەستی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی.عوسمان غانمی وەزیری ناوخۆ کە پێشتر فەرماندەی سوپاش بووە، ئەزموونێکی بەهێزی هاوکاریی لەگەڵ حەشد و وڵاتانی دراوسێ وەکوو ئێران لەشەڕی دژی داعش و گرتنەوەی کەرکووك لەدوای گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا هەیە. غانمی لە چەند رۆژی رابردوودا فەرماندەی فیرقەی شەشی پۆلیسی فیدراڵیشی گۆڕی کە دوور نییە ئەم گۆڕانەش بەهۆی رێککەوتنی شەنگالەوە بووبێت. چوونکە "فیرقەی شەش بەرپرسیاری دۆخی ئەمنی ناو قەزای شەنگال دەبێت."[7] بێجگە لەوە، قاسم ئەعرەجی بۆ خۆی یەکێك لە سەرکردەکانی بەدر بووە و لەبەرئەوەش، ئەستەمە پێشبینی بکرێت کە بەرژەوەندییەکانی گرووپە شیعییەکان رەچاو نەکەن.

**ئەنجام**

دواکەوتنی جێبەجێکردنی رێککەوتنی شەنگال و هەبوونی تەگەرەی جیاجیا وایکردووە کە هەرێم و بەغدا بە کردەوە بازنەی رێککەوتنەکەیان لەسەر شەنگال فراوانتر بکەن. وادیارە لەسەر بابەتی دوورخستنەوەی هێزە چەکدارەکان لە شەنگال، دوورکەوتنەوەی 5کیلۆمەتری چارەسەرێکی ناونجی بێت. رەنگە ئەم بابەتە بۆ پرسەکانی پێکهاتەی پۆلیسی محەلی و دیاریکردنی قایمقامی شەنگالیش شۆڕبێتەوەو هەر ئەو هەوڵی چارەسەرە بۆ رازیکردنی لایەنەکانی دیکەش هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کە هەولێر و بەغدا ناوی ئەو قایمقامە رانەگەیەنن کە دەڵێن لەسەری رێککەوتووین. پێدەچێت ئەم بابەتەش لە ماوەی یەك مانگی داهاتوودا، بەرلەو کۆنفرانسەی ئاشتی کە بڕیارە لە دیسەمبەری ئەمساڵ لە شەنگال بکرێت، تا رادەیەکی زۆر یەکلا بکرێتەوە.

لە راستیدا رێککەوتنی شەنگال لە دژی بەرژەوەندی هەریمی کوردستان و کورد بە گشتی نییە. بە پێچەوانەوە ئەوە دەتوانیت ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم. ئەمەش لە دوای رووداوەکانی پاش گشتپرسی، لانیکەم بۆ ئێستا باشترین چارەسەرێکی مومکینە بۆ ئەوەی کە کورد بە رەسمی لەو ناوچانە وردە وردە رۆڵ پەیدا بکاتەوە. ئالێرەدا خاڵی هەرەگرنگ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان هەستناکییەکی زیاتر پیشانبدات بۆ ئەوەی کە رێککەوتنەکانی سەبارەت بە قایمقامی نوێ و کاندیدەکانی دامەزراندن لە پۆلیسی محەلیی شەنگال، جێگەی رەزامەندیی زۆربەی کوردانی ئێزدیی بێت.

[1] _ https://www.ina.iq/116768/

[2] _ https://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/101020208

[3] _ https://arabic.sputniknews.com/arab_world/201806221033277049

[4] _ https://alahadnews.net/120407/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82/

[5] _ https://anfarabic.com/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86/alhshd-alshby-fy-zyart-lshnkal-ln-nsmh-bay-hjwm-dd-shnkal-65519

/https://alahadnews.net/123480 _ [6]

/https://www.ina.iq/116548- [7]